# دووایین مەسخەرەی دیموکراسییەکەی  بوش، باسی مافی ژنانە!

**ناسك ئەحمەد**

لەکاتیکدا کە بزووتنەوەی ژنان و ژنانی ئازادیخوازی دنیا ، لە پێشوازی رۆژی جیهانی ژندان، ئەو رۆژەی کە  نەخێرێکی گەورەیە بەرووی ئەو دەسەلاٌت وهێزانەی کە مایەی سەرکوت و ژێردەستەیی و نەگبەتی و مەحرومیەتی ژنن. ئیدارەی ئەمەریکی لە زمانی بوش و کۆندالیزا رایزەوە بیشەرمانە دەیانەوێت بزووتنەوەی ژنان بەلاریدا بەرن و چاوی دنیا بنووقێنن لەئاستی ئەو تاوانکاریانەی کەئیدارەی ئەمەریکی دژ بەژنان بەریوەیان دەبات و خالێکی رەشە بە نێوچەوانی دەسەلاٌتەکەیانەوە.

جۆرج بوشی رەمزی ئەمرۆی جەنگ وعەسکەرتاریەت و گەرانەوەی دەسەلاٌتی دین وکلیساکان لە ئەمەریکا لە رۆژی 2ی مارسدا ووتی : من وەك سەرۆکی ئەمەریکا و بەپێی ئەو دەسەلاٌتەی کە بە من دراوە لەلایەن دەستوور ویاساکانی وولاٌتە یەکگرتووەکانەوە، مانگی مارسی 2005 وەك مانگی مێژووی ژنان رائەگەیەنم، داوا لە گەلی ئەمەریکا ئەکەم بەم بۆنەوە ئاهەنگ و مەراسیم و چالاکی گونجاو بگرن کە تەکریمی مێژوو و ئینجازات و... ژنانی ئەمەریکا بکات.

 جۆرج بوش  ئاگاهانە دەیەوێ مێژوو بگۆرێ. رۆشنە ئەوان زۆر باش دەزانن  کە لەمانگی مارس و لەرۆژی 8ی مارسدا، خۆپیشاندان ومەراسیم و هاتنەمەیدانی ژنان چ لە ئەمەریکا و چ لەسەراسەری دنیادا کۆمەلگە دەهەژێنێ، وبەشیکی زۆری ئەم هاتنەمەیدانەش ئەمرۆ لەبەرامبەر سیاسەت و تاوانکارییەکە کە دەستەی فەرمانرەوای ئەمەریکا لێی بەرپرسیارە، مەگەر ئەم جەنابانە نازانن کە 8ی مارس  لەسەر پێشنیاری کلارا زتکین کە لەسالی  1910 کردی کراوە بە رۆژی جیهانی ژن، وئەمەش لەئاکامی رووداویکی دلتەزێنەوە کە نموونەی دەسەلاٌتەکەی ئەمرۆی جۆرج بوش بەسەر ژنانی کرێکاری شیکاغۆی ئەمەریکادا هێنای، ئەم مێژووە رەشە بەنێوچەوانی سەرمایەداریەوە بە جۆرج بوش و ئەمسالی ئەو ناسردریتەوە. بەم شیوەیە ئیدارەی ئەمەریکی دەیەویت بزووتنەوەی رزگاریخوازی ژنان وجەماوەری ژنان لە ئەمەریکا و لەجیهاندا بۆ بەدیهینانی مافە سیاسی و ئابووری و کۆمەلاٌیەتیەکانی ژنان و بۆ ئازادی و یەکسانی بەلاریدا بەرێ و ئەم رۆژە وەك رۆژی رێزگرتن لە کۆمەلێك ژنی نوخبە چاو لێبکرێ، بەلاٌم جەماوەریکی ملیۆنی لە ژنان کە لەسەراسەری دنیا و لە خودی ئەمەریکاشدا کەلە ژێر خەتی برسێتیەوە دەژین ورۆژانە رووبەرووی توند تیژی و دەستدرێژیکردن ئەبنەوە بیر بەریتەوە.

بەلاٌم لەمە فریوکارانەتر و پیست قایمتر ئەو، قسەوباسانەیە کە کۆندالیزا رایز لە رۆژی 2ی مارسدا لەبەردەم نەتەوە یەکگرتووەکان کردنی و لەم بارەیەشەوە نامەیەکی رەسمی لە 2ی مارسدا تەسلیمی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد.وتیایاندا ئیشارەت بەو هەولٌ وتێکۆشانانە دەکات کە وولاٌتە یەکگرتووەکان بۆ بەرەو پیشچوونی هەلومەرجی سیاسی و کۆمەلاٌیەتی وئابووری ژنانی وولاٌتانی شەرق و وولاٌتانی ئیسلامی داویەتی، وە بەشێوەیەکی بەرجەستە باس لە هەولٌە گرنگەکانیان دەکات کە لەبەرەو پیشچوونی هەلومەرجی ژنانی عیراق داویانە، بەشداری ژنانی عێراق لە پرۆسەی بەدیموکراتی کردنی عیراق لە رێگەی ئینتخاباتەوە بەرز ئەنرخێنێ.

ئەمیان ئیتر مێژوو، نییە، تا بە ئارەزووی خۆیان دەستکاری بکەن و چەند پرۆفیسۆریك و ئەکادیمیەکی پارێزەر لە دەسەلاٌتەکەیان بێنن، مێژوویەکی درۆدەلەسەیان بۆ ساز بکات ودەرخواردی خەلٌکی بدەن. ئەمیان ئەو راستیانەیە کە ئەمرۆ بە دنیایەك مەحدودیاتەوە خەلکی دنیا ئەیبینن ،و دەزگا ومیدیاکانی سازکردنی درۆدەلەسە ئەیەویت بیشاریتەوە لە عێراق و رۆژهەلاٌتی ناوەراستدا.

جەنگ و هێرشی ئەمەریکا بۆ سەر عێراق گەورەترین چوارچیوەی سیاسی و ئایدۆلۆژی دایە دەست ئیسلامی سیاسی، کەلەم ڕێگەیەوە تیرۆریزم و کەسافەتکاری خۆی بەسەر کۆمەڵگەی مەدەنی و ژنانی عیراقدا هەڵرێژێ، عیراقیان کرد بە مەیدانی جەنگ و کیشمەکێشی نیوان تیرۆرزمی خۆیان( تیرۆریزمی ئەمەریکی) و تیرۆریزمی ئیسلامی، و خەلکی عیراق و ژنان و ماف وئازادییەکانی ژنانیشیان لەم نێوەدا وورد وخاش کرد، و لە ئاکامی ئەم جەنگەوە تا ئێستا زیاتر لە 180 هەزار ئینسان لە عێراقدا کوژراون کە زۆربەیان ژن ومنداڵن.

بەدوای هێرشی ئەمەریکا وە بۆ سەر عێراق و نابووت کردنی بنەما ئابووری وکۆمەڵایەتیاکانی ئەم ووڵاتە، دروست کردنی فەزای ترس و خۆف و دەست ئاوەڵابوونی مافیای چەکدار و وباندەکانی ئیسلامی سیاسی، تەنها لە 3 مانگی یەکەمدا و لەشاری بەغداد بەپێی راپۆرتە رەسمیەکان، 300 ژن رفێنران و بەدوای دەستدرێژیکردنە سەریان رووبەروی کوشتن بوونەوە. ئەمرۆ چوونە دەرەوەی ژن و پۆشینی جلوبەرگی مەدەنی و چوونەسەر کار وقووتابخانە و بازار و...بۆ ژنان بووە بە ئازرەزوو و مافێك کە دەبێ خەباتی بۆ بکرێ، لەم هەلومەرجەدا هەزاران ژن رووبەرووی کوشتنی ناموسی بونەوە.

ئیدارەی ئەمەریکی شەرم نایگرێ، رەنگە بیریان چووبیتەوە، کە یەکەم قسەیان کەسەبارەت بە پرۆسەی سازدانەوەی سیاسی لە عیراق کردیان، پاراستنی ئیسلام وجێگیرکردنی دەستوور و یاسای ئیسلامی دژە ژن بوو لەعیراقدا. حکومەت و دەوڵەتێك کە بەدەستی ئەمەریکا لە عیراقدا دروست دەکرێ، ئیسلام سەرچاوەی دەستوور و یاساکانیەتی، لەعیراقدا چوونەتە پشت ئەو هیز وئەحزابانەی، کە خاوەنی رەشترین و گەندەڵترین مێژوون لەسەرکوتی مافەکانی ژنان لەعیراقدا، ئینتخاباتیکیش کە بەرێوەیان برد تەنها سەرکەوتنی سیاسی ئیسلامی سیاسی و بەقانوونی کردنی تیرۆریزمەکەی بوو لە عیراقدا.

ئەمانە گەورەترین تاوانبارن لە بەرامبەر رۆژە رەشیەك کە ئەمرۆ ژنان لە رۆژهەلاتی ناوەراستتدا بەسەریدەبەن، ئیسلامی سیاسی بە پشتیوانی مادی و مەعنەوەی ئەم ئیداریە لە 50ساڵی رابردووە زیندوو کرایەوە و بەهێز کرا، دانە دانەی ئەو حکومەتە سەرکوتگەر و دژە ژنانەی کە لەرۆژهەلاتی ناوەراستدا لەسەرکارن، لە ئەمسالی شیخ نشیەنەکانی سعودیە وکەنداو وپاکستان و ئەندەنوسیا و...بە پالپشت و بەپرۆژەی ئەمانە هێنراون وکراونەتە دومەڵ بەسەر کۆمەلگە وژیانی ئینسانە ئازادیخوازەکانی ئەو مەملەکەتانەوە و دەسەلاتیان لەسەر بەندکردنی ژن راگرتووە. ئیدارەی ئەمەریکی لەگەڵ ئیسلامدا کە مایەی نابوودکردنی ژیانی ژنانە هیچ کیشەیەکی نییە و تەنانەت تیرۆریزمی ئیسلامی وەختێك بۆی کیشەیە کە لەبەرامبەر بەرژەوەندی و دەسەڵاتی سیاسی خۆیدا ئەوەستیتەوە، ئەو تیرۆریزمە ئیسلامیەی کە رووی لە ئازادیخوازان و ژنان و کۆمونیستەکانە بۆ ئیدارەی ئەمەریکی جیگای پیشوازیە و دەستخۆشانەیە.

بۆیە تروسکاییەك کە بەرووی ژیانی ژنان وخەلکی عێراقدا دەکریتەوە ،لەگرەوی چوونە دەرەوەی هێزەکانی ئەمەریکا و دەستهەڵگرتنی ئیدارەی ئەمەریکییە لەسەر کۆمەڵگەی عیراق، داگیرکاری وسیاسەتی ئەم ئیدارەیە نەبێ خەلکی ئازادیخوازی عیراق زۆر باش ئەتوانی حیسابی خۆی لەگەڵ ئیسلامی سیاسی نامۆ بە ژیانی یەکلایی بکاتەوە.

2005/3/6